

# رامبرانت
# نیگارەکانی قەسیدەیەکی وێنە بۆ کێشراوە

**هاوژین نانەکەلی**

**نیگارکێشی ناسراوی هۆڵەندی (رامبرانت 1606–1669) یەکێکە لە گەورەترین بلیمەتەکانی هونەری نیگارکێشی لە جیهاندا و خاوەنی زۆرترین بەرهەمی شێوەکارییە کە خۆی لە نزیکەی 600 تابلۆ دەدات، وەک رەخنەگرو شرۆڤەکارە جیهانیەکان دەڵێن: رامبرانت نزیکترین هونەرمەندێکە لە دڵی مرۆڤایەتی، چونکە زانیویەتی چۆن خەم و شادی خەڵکەکە بگوازێتەوە سەر تابلۆکانی، بۆیە ئەو شرۆڤانانە دەڵێن : تابلۆکانی رامبرانت قەسیدەیەکی وێنەکێشراوە. زۆرینەی ژیانی لە شاری ئەمستردام بە سەر بردووە، لە سەرەتادا لە زانکۆی (لابون ) فەلسەفەی خوێندووە بەڵام دواتر وازی لێ هێناوەو بۆ ماوەی سێ ساڵان لە سەر دەستی نیگارکێشێکی هۆڵەندی خۆی فێری ئەکادیمییەتی وێنە کێشان کردووە. وەک رەخنەگرەکان باسی لێوە دەکەن شاکارە هونەرییەکانی بەوە ناسراون کە هێزێکی گەورەی گوزارشت بەخشییان تێدایە و شارەزاییەکی گەورەی هەبووە لە چۆنیەتی رەفتار کردن لە گەڵ رووناکی و سێبەرو دابەش کردنی لە سەر فەزاو روخساری تابلۆکانیدا،بەڵام، لەمەشدا زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەری نیگار کێشی گەورە (کارفاجیۆ و رۆبنز) بەڵام ئەو رووناکی و سێبەرەو هەلرشتنی رەنگەکانی بە شێوەیەکی رەها تر بەرجەستە کردووە، لە ناوەرۆکی تابلۆکانیشیدا بایەخێکی زۆری بە بەها مرۆییەکانەوە داوە .**

رامبرانت بۆنو بەرامێکی تایبەتمەندی خۆی پێوەیە، زۆرینەی بابەتەکانی بە ستایلێکی شانۆیی دەربڕووە، قەتیش ئارەزووی ئەوەی نەکردووە کە وێنەکان بە شێوەیەکی وەک یەک تۆمار بکات، بەڵکو ئەو وێنەو کەرەستەکانی خۆی بەو ئاراستەیە بردووە کە خزمەتی ئامانج و چمکی ئەو بکات لەو بەرجەستە بوونانەدا، ئەوەتا رەخنەگرەکان دەلێن : کاتێ ویستوویەتی پۆرتەریتێکی خۆی بکێشێ هەرگیز ئەوەندە بیری لە هێڵەکانی دەم و چاوی خۆی نەکردۆتەوە کە چۆن وا بکات لە خودی رامبرانت بچێت وەک هەیە، بەڵکو ویستوویەتی ناخی خۆی لەو روخسارەدا بەرجەستە بکات کە رەنگە بەرجەتە کردنی ناخیش لە چوارچیوەی روخساردا کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبوو بێت بۆ نیگارکیشە جیهانییەکان، بۆیە رامبرانت قەت وێنەیەکی خۆی نەکێشاوە ئەگەر لەو پۆرتەرێتانەدا گوتارێکی گوزارشت بەخشی لە حاڵەتە مرۆییەکانی خۆیەوە پێ نەبووبێت ..ئەویش وەک مرۆڤ بە هەندێ حاڵەتی دەروونی سەخت و دژواردا تیپەڕیوە بە تایبەت بە هۆی مردنی هاوسەرو کورەکەی، ئەم حوزنەی رامبرانت لەو قۆناغەدا هەیبووە بە تەواوەتی لە سەر تابلۆکانیدا رەنگی داوەتەوە..

رامبرانت لە کارەکانیدا بایەخێکی زۆری بە پۆرترێت داوە، زێتر لەو نیگارانەی بەرجەستەی روداوو دیمەنە ئەفسوناویەکانیان دەکرد،لە رەسم کردنی مۆدیلەکانیدا هەمیشە بە دوای دەم و چاودا دەگەڕا بۆ ئەوەی تابلۆکانی خۆی پێ بکیشێ، لەم پێناوەشدا گەلێک شەکەت و ماندوو دەبوو، زۆر جاران شەوان بەدەم وێنە کێشانەوە چاوەکانی دەخستنە سەر یەک، هەمیشە بە دوای نهێنی نوێ دا دەگەڕا، پیشی وابوو نابێت نیگار کێش فلچەو بۆیەکانی لە چاوەڕوانی دۆزینەوەی بابەتێکدا وشک کات، بەڵکو دەبێت هەمیشە ئەو فلچەو بۆیانە لە کار دابن، بۆئەوەی هەمیشە زیندوو بن، بۆیە هەندێ کەڕەت کە کێشەی دۆزینەوەی مۆدێلاتی هەبووە لە ئاوێنەوە پۆرترێتی خۆی کێشاوە، بۆیە ئەگەر گەڕیانێک بە نێو بەرهەمە بەجێماوەکانی رامبرانت دا بکەیت هەست بەوە دەکەیت کە لەو پۆرترێتە تایبەتیانەی خۆی زۆرە، کە رەنگە خۆیان لە نەوەد پۆرترێت بدەن .

لە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ رامبرانت لەو ماوەیەدا

### شاکارەکانی رامبرانت

زۆرلە شاکارەکانی رامبرانتی نیگارکێش لە موزەخانەی ( ریکسموزیۆم ) لە ئەمستردامی شاری رامبرانت پارێزراوە، لەوانە تابلۆی ( دایکم 1660 ) ( گەڕیانێک لە شەودا 1662) (بەترۆسی پیرۆز 1660 ) (دەزگیرانە یەهودییەکە 1665) بێجگە لە چەندین شاکاری دیکەی مەزن کە لە موزەخانەی لۆڤەر لە پاریس پارێزراون، لەوانە (تونی و منی گچکەلانە، وێنەکەم، چاوی سامسون، گەڕانەوەی کوڕە ون بووەکە، خوانێکی ئێوارە لای ئامۆس، پاسەوانی شەو ) و چەندینی تر ..

راستە کە پۆرترێتی جۆراو جۆری روخسارە جیاوازەکان پانتاییەکی زۆری لە هونەری رامبرانت دا داگیر کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا لایەنێکی دیکەی هونەری رامبرانت ژیانی رۆژانەی خەڵک و بابەتی مێژوویی و دیمەنی سروشتی بوونە .

لە ژیانی زۆربەی هونەرمەندانیش خۆشەویستی سوچێکی تایبەتی خۆیان هەیە، لەوانەش رامبرانت کە سەربوردەیەکی قوڵی لە گەڵدا هەبووە و بۆتە هەوێنی داهێنان بۆ زۆر لە کارەکانی، چونکە خۆشەویستی رامبرانت لە گەڵ ( ساسیکا ) هەر تەنها پەیوەندییەکی سۆزداری نەبووە، بەڵکو خۆشەویستی لای ئەو مەودایێکی فەلسەفی و دەروونی کاریگەری هەبووە بە سەر فلچەو بۆیەو ژیانی تایبەتی رامبرانت ..بۆیە هەرگیز نەیتوانیووە لە ساسیکا دوور کەوێتەوە و ناچاری ئەوە بووە کە ژیانی هاوسەرییەتی لە گەڵدا پێک بێنێ بەو هیوایەی ژیانێکی پڕلە بەختەوەری لە گەڵ یەکدا بە سەربەرن ..بەڵام قەدەر وای نەهێناو بە هۆی مردنی منداڵی یەکەم و دووەم و سێەمیان و دواتریش مردنی ساسیکا لە منداڵی چوارەمدا کارەساتێکی دڵ تەزێنی دەروونی بۆ رامبرانت دروست کرد، کە زێتر ئەو خەم و پەژارەیە لە ناو رەنگە خۆلەمێشی و تاریکەکاندا بتاوێنتەوە .

